# KRDلێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ

دوای ئەوەی دامەزراوەی ICAAN کە بەرپرسی بواری ئینتەرنێت و سەرپەرشتکاریەتی دۆمەینیKRD بە هەرێمی کوردستان بەخشی و هەواڵەکە بڵاوکرایەوە. ئەم هەواڵەش وەکو زۆرینەی هەواڵەکانی دیکە شیمانەو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و بۆی دەکرێ. لە دەستپێکدا فەرمانگەی تەکنەلۆژی و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەستکەوتێکی نیشتمانی و سەرکەوتنێکی گەورە پێشانی داو وایبڵاوکردەوە کەئیدی هەرێمی کوردستانیش وەکو وڵاتانی دیکە بوو بە خاوەنی دۆمەینی خۆی!!

لەلایەکی دیکەشەوە کەسان و رێکخراوی رەگەزپەرست بەخشینی ئەو دۆمینەیان بە هەنگاوێکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لێکدایەوە، لە روانگەی خۆیانەوە بە مەترسی و هەڵوەشانەوەی عێراقیان پێوانە کرد!! بەڵام راستیەکەی هەردوو لایەن لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ کردووە، بوونی ئەو دۆمەینە سەربەخۆیی بۆ کوردستان مسۆگەر نکات و دۆمەینەکەش واتای ناسنامەی وڵات و نیشتمانێک نابەخشێ.

لەو پێوەندەدا دەبێ بگوترێ کە لایەنێکی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٠ەوە بە فەرمی داوای لە ICAAN کردبوو، هەروەها خواستبووی کە رەزامەندی لەسەر کردنەوەی دۆمەینی KRD بدات. وەک ئاشکرایە کە ئەو دامەزراوەیە بە دوای قازانجی ماددی خۆیەوە دەگەڕێ و باوەشی بۆ ئەو جۆرە خواستانە کردۆتەوە، بەڵام لەترسی ئەوەی نەوەک پێوەندی ئەو دامەزراوەیە لەگەڵ هەندێک وڵات و کۆمپانیای زەبەلاح بەرەو ئاڵۆزی ببات، بە هۆشیارەیەوە رەفتار لەگەڵ ئەو خواستەدا کرا. ساڵی ٢٠١٢ جارێکی دیکە بۆ ئافراندنی دۆمێنێک کە رەنگ لە کوردستان بداتەوە بە فەرمی داوا لە دامەزراوەی ICAAN کراوەتەوە، سەرەنجام دوای دوو ساڵ پێداگری و موکڕبوون دۆمەینی KRD داهێنراو حکومەتی هەرێمیش خاوەنداریێتی لێدەکات.

بەرپرسانی فەرمانگەی تەکنەلۆژیاو زانیاری حکومەتی هەرێم بۆ مێدیاکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ICAAN بەمەرج ئەو دۆمێنەی داهێناوە نابێ کاریگەری نەرێنی لەسەر پێوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتاندا هەبێ!

بوونی دۆمەینی KRD لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا ئاماژەیەکی ئەرێنیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە سێ پیت پێکهاتووە هەرگیز رەنگ لە نیشتمان و هەرێمێک ناداتەوە، بۆ سەربەخۆبوونی کوردستانیش هیواو ئاواتی لەسەر هەڵناچنرێ، چونکە دۆمەینی وڵاتان لە دوو پیت پێکهاتووە، هەر کاتێک کوردستانیش ببێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ دۆمەینێکی دوو پیتی دەبێ. ئەم دۆمەینە سێ پیتەیش وەک خۆی دەمێنێتەوە.



شارەزایانی بواری ئینتەرنێت جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دۆمەینی سێ پیتی بۆ کۆمپانیاو رێکخراوەکانە و پێوەندی بە وڵاتێکی دیاریکراوەوە نیەو نابێتە ناسنامەی ئینتەرنێتی هیچ وڵاتێک، چونکە دۆمەینەکانی com, biz, net, org و چەندانی دیکە هیچ پەیوەندیان بە وڵاتێکی دیاریکراوەوە نیە بەڵکو گشتگیرن تەنیا کۆمپانیاکان و دامەزراوەی ICAAN تێدا سوودمەند دەبن.

ئێستا فەرمانگەی تەکنەلۆژیاو زانیاری حکومەتی هەرێم لەهەوڵدایە تا وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم سوود لە دۆمەینی KRD وەربگرن و بۆ ناونیشانی خۆیان دەکاری بکەن، بەتایبەتیش دابینکردنی ناونیشانی تایبەت بۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە ناونیشانی ماڵپەڕەکانیان بە (edu.krd.) کۆتایی دێ.

هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆیی بە بوونی دۆمەینێکی سێ پیتی رەنگرێژ ناکرێ، باشتروایە حکومەتی هەرێم بۆ بەدامەزراوەکردن و بنبڕکردنی گەندەڵی هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە.

**سەربەست کانەبی**

# حیزبایەتی لە نێو وەزارەتی پێشمەرگە قەدەغە دەکرێ

لەوەتەی حکومەتی هەرێم دامەزراوە، کوردستانیان داوای بە نیشتمانی کردنی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەن و دەخوازن حزبایەتی لەنێو ئەو وەزارەتەدا قەدەغەبکرێ و دەستی حیزب کورت بکرێتەوە، بەڵام بە درێژایی ٢٢ ساڵی رابردوو ئەو داوایە بێوەڵام مابۆوە، خەڵکی کوردستانیش بە پەرۆشەوە لەو داوایەی خۆیانیان دەڕوانی و پێیانوابوو هەر هێزێک ئەگەر بە نیشتمانی نەکرێ، ئاکامێکی خراپ چاوەڕوانی دەکات، سەرەتای هێرش و پەلامارەکانی داعش زۆر بە ئاشکرا هەست بەو داوایە دەکرا، بەڵام خۆشبەختانە سەرەنجام لە رۆژی ١٤-١٢-٢٠١٤ رێزدار مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم لە نامەیەکدا گرنگی و بایەخی وەزارەتی پێشمەرگەی دیاریکردووەو داوای کردووە کە حیزبایەتی تێدا نەکرێ!! خواستوویەتی کە رەفتاری کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە رەفتارێکی نەتەوەیی بێ و دوور بێ لەحیزبایەتی.

ئەو خاڵانەی کە سەرۆکی هەرێم ئاماژەی پێکردوون راستین و ناشاردرێنەوە، بەڵام ئایا وەزیری پێشمەرگە ئەو تواناو دەستەڵاتەی هەیە تا ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات؟ ئایا ئەو هێزانەی کە ئێستا سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن ئامادەن رەنگ و ئاڵای حیزبی وەلا بنێن و تەنیا ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوەو ئەندامێتی خۆیان لە حزبەکانیان بکێشنەوە؟؟



ئایا بەهۆی ئەوەی کە حکومەتێکی بنکە فراوان هەیەو پەنجا بە پەنجا نیە، بۆیە دەبێ رەفتاری کارمەندانی نەتەوەیی بێ؟؟

بێگومان لەم قۆناغەدا جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەیە هێندە ئاسان نیە بەڵام کاتێک حیزبایەتی لەنێو وەزارەتی پێشمەرگە قەدەغە دەبێ کە پێشمەرگەکان ئارەزوومەندانە هەم خۆیان بە پێشمەرگەی کوردستان بزانن و هەمیش ناسنامەی ئەندامێتی حیزبەکانیان فڕێ بدەن.

گومانی تێدانیە کە پێشمەرگە بۆ پارێزگاریکردن لە سەروەری خاکی و خەڵکی نیشتمان چەکی لە شان کردووە و بۆ ئەو ئامانجەش قوربانی زۆرو زەوەندی داوە، بەڵام مخابن تۆخکردنەوەی حیزبایەتی زیانی گەورەی بە ناوبانگی پێشمەرگە گەیاندووە، بەتایبەتیش کە ئێستا هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بنەمای ئەندامێتی و لایەنگری بۆ حیزبەکان دروستکراون، بۆئەوەی حیزبایەتی لەنێو هێزی پێشمەرگەو وەزارەتی پێشمەرگەدا قەدەغەبکرێ، دەبێ هێزی پێشمەرگە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون پێکبێ و هەموو تاکێکی کۆمەڵ کە پێدەگا، واتە لە تەمەنی ١٨ ساڵیەوە بە ئیجباری جلی پێشمەرگە لەبەربکات و خزمەت بە نیشتمان بکات.

ئێستا قۆناغی شەڕی پارتیزانی نیە، خاوەن حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگەین، بۆیە لە کاتی ئاساییدا پێویستمان بەوە نیە کە هەموو کەسێک پێشمەرگە بێ و چەک لە شان بکات،

هەر هێزێک ئەگەر لەسەر بنەمای نیشتمانی دروست نەکرێ، هەر فەرماندەیێکی سەربازی ئەگەر ئینتیمای تۆخی بۆ نیشتمان نەبێ و و بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان سەرپشک نەکات، ناتوانێ ببێتە جێی ئومێدی خەڵک و توانای پاراستن و پارێزگاری نیشتمانی نابێ. لەم روانگەیەوە ئەگەر مەبەست لە قەدەغەکردنی حیزبایەتی بێ لەنێو وەزارەتی پێشمەرگەدا، دەبێ پێ لە جەرگی خۆمان بنێین و ئەو هێزەی کە ئێستا هی حیزبەکانە لە سەر میلاکی وەزارەت نەمێنن، بەڵکو وەزارەت سیستەمی موالیدگرتن پیرۆز بکات، هەموو تاکێک لەبەرانبەر ئەرکی خزمەتی پێشمەرگەیی بەرپرسیار و وەڵامدەر بێ.

**هاشم عەبدوڵڵا**

hashm_abdulla@hotmail.com

# خەلیفە نوێکەی عوسمانلی بەهۆی هاوکاریکردنی بۆ گروپە تیرۆریستیەکان دادگەیی دەکرێ

رۆژی ٥-١-٢٠١٥ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی لیبیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا نیگەرانی خۆی لە سیاسەتی ئەردۆگان پێشانداو گوت: (تورکیا بەردەوام هاوکاری میلیشیا تیرۆریستەکانی ناو لیبیا دەکات).

عوقەیلە سالح قەویدەر سەرۆکی پەرلەمانی لیبیا دەڵێ ئەردۆگان لە رێی گروپە توندڕۆکانەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی لیبیا وەردەدات، مادی و مەعنەوی پشتیوانی لە رێکخراوە توندڕۆکان بەتایبەتی ئیخوانەکاندا دەکات،

هەر لەو پێوەندەدا لە سەرەتای مانگی دیسێمبەری ٢٠١٤ عەمید سەقەر جەروشی فەرماندەی هێزی ئاسمانی لیبیا، حکومەتی ئەنکارای بە پشتیوانیکردن لە گروپە تەکفیریەکان و میلیشیا تیرۆریستیەکان تۆمەتبار کردبوو. ئاشکرای کردبوو کە تورکیا هاوکاری سەربازی و دارایی پێشکەش بە تیرۆریستان دەکات، گوتبووی: (هەتا ئێستا چەندین کەشتی تورکیامان وێرانکردووە کە بەرێوەبوون و چەک و پێداویستی سەربازیان بۆ گروپە توندڕۆکان دەهێنا ، هەروەها فڕۆکەیەکی بارهەڵگری تورکیا بینراوە کە لە فڕگەی مەعیتیقە نیشتۆتەوە، ئەو فڕگەیەش لە ژێردەستی میلیشیاکانی کۆمەڵی ئیخوان دایە). پێشتریش لیوا خەلیفە حەفتەر فەرماندەی سوپای لیبیا ئاشکری کردبوو کە گروپی ئیخوانەکان بەهاوکاری دارایی تورکیا مەشق بە گروپە توندڕۆکان دەکەن و رەوانەی دەرەوەیان دەکەن،

لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤، وەزارەتی دەرەوەی میسر راشکاوانە رەجەب تەیب ئەردۆگانی بەوە تۆمەتبارکردبوو کە هاوکاری گروپە توندڕۆکانی جیهانی عەرەبی دەکات و گوتیبووی: زانیاری تەواومان لەبەردەستدایە کە ئەردۆگان بەردەوام هاوکاری و کۆمەک پێشکەش بە رێخکراوە توندڕۆکانی ناو لیبیاو سوریاو عێراق دەکات، داواکارین کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ نەبن چونکە بەوهۆیەوە هەڕەشەی ئاشکرا لە سەر ئاشتی نێودەوڵەتی دروست بووە.

رۆژی ٣-١٠-٢٠١٤ لە گوتارێکیدا لە زانکۆی هارفێرد، جۆی بایدن، جێگری سەرکۆماری ئەمریکا ئاشکرای کرد کە تورکیاو سعودیەو قەتەر بە ئامانجی رووخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد لێبڕاوانە هاوکاری گروپە تیرۆریستەکان دەکەن، بە ملیۆنان دۆلارو دەیان تۆن چەکیان پێشکەش بە چەکدارە توندڕۆکان کردووە.

بایدن ئەو هاوپەیمانانەی ئەمریکای بە پڕچەکردنی داعش و بەرەی نوسرە کە لقی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە تۆمەتبارکردبوو. دوای ئەوە نووسینگەی رەجەب تەیب ئەردۆگان بە مێدیاکانی گوت کە جۆی بایدن تەلەفۆنی بۆ ئەردۆگان کردووەو داوای بووردنی کردووە، بەڵام دواتر جۆی بایدن ئاشکرای کرد کە هەرگیز داوای بووردن لە کەس ناکات و ئەوانەی گوتویەتی راستین و ئەو سێ وڵاتەش بە ردەوام هاوکاری گروپە تیرۆریستیەکان دەکەن.

بەدرێژایی چوار ساڵی رابردوو حکومەتی سوریە بەبەردەوامی ئەردۆگان و حکومەتی تورکیای بە هاوکاریکردنی گروپە توندڕۆکان تۆمەتبار کردووەو داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە تا گوشار بخەنەسەر تورکیا و واز لە هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی داعش و بەرەی نوسرەو گروپە توندڕۆکانی دیکە بهێنێ و چیتر دەست لە کاروباری نێوەخۆی سوریە وەرنەدات. تەنانەت خودی بەشار ئەسەدی سەرکۆماری سوریا راشکاوانە ئەردۆگانی تۆمەتبار کردوە.

مێدیاکانی ئەوروپا بەتایبەتی مێدیاکانی ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠١٤دا چەندینجار ئاماژەیان بە هەبوونی سەربازگەی مەشق و راهێنانی داعش لەنێو خاکی تورکیادا کردووە. کەناڵی تەلەفزیۆنی فەرمی ئەڵمانیا ARD لە راپۆرتێکی ڤیدیۆیدا ئەو سەبازگانەی پێشاندابوو، ئاشکرای کردبوو کە سەربازگەکانی داعش لە شاری غازی عەنتاب و ئورفەو دوو سەربازگەی دیکەش لە ئەدەنەدا هەن. هەروەها ئاماژەی بەوە دابوو کە داعش لە رێی تورکیاوە نەوتی سوریاو عێراق دەفرۆشێ، بەوهۆیەشەوە زۆرترین داهاتی مسۆگەر کردووە. هەر لەو بارەیەوە "تییری مەیسان" رۆژنامەنووسی فەرەنسی ئاشکرای کردبوو کە دوای تەواوبوونی دەورەی راهێنان، حکومەت تورکیا ئاسانکاری بۆ ئەو داعشانە دەکات تا بەرەو سوریاو عێراق بڕۆن.

پارتی یەکێتی دیموکرات "پەیەدە" لەسەر زاری هاوسەرۆکانی خۆی و بەرپرسانی یەکینەکانی پاراستنی گەل بەبەردەوام رایانگەیاندووە کە تورکیا بە ئاشکرا هاوکاری داعش و بەرەی نوسرە دەکات، چەتەکانی داعش بەئازادی لە نێو خاکی تورکیا دەسوڕینەوە، دەزگەی هەواڵگری تورکیاو سوپای تورکیا هاوکاریان دەکەن و پێداویستی شەڕیان بۆ رەوانە دەکەن. تەنانەت دەیان وێنەی ڤیدیۆی سەبارەت بە هاوکاری سوپای تورکیاو چەتەکانی داعش بڵاوکراونەتەوە و پێشان دەدەن کە چەتەکانی داعش بەبەرچاوی سوپای تورکیاوە لە سنوور دەپەڕنەوەو هێرش دەکەنە سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل.

وێرای هەموو ئەوانەشەوە چەندینجار رێبەرانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تورکیا ئاماژەیان بە هاوکاریکردنی داعش داوەو حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدانیان بەوە تۆمەتبارکردووە کە گروپی داعش و بەرەی نوسرە پڕچەک دەکەن و سەرچاوەی داراییان بۆ فەراهەم دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە بەردەوام مێدیاکانی تورکیا ئاماژەیان بە هاوکاری نێوان دەزگەی هەواڵگری تورکیاو داعش کردووە،

رۆژی ٣-١-٢٠١٥ رۆژنامەی "ئایدینلیک"ی تورکی ئاشکرای کردبوو سەرکۆماری تورکیا لە ترسی ئەوەی نەوەک بەهۆی پشتیوانیکردنی لە گروپە توندڕۆکان رووبەرووی دادگەی نێودەوڵەتی بکرێتەوە، فەرمانی بە دەزگەی هەواڵگری تورکیا کردووە کە تەواوی ئەو بەڵگەنامەو راپۆرتانە لەبێن ببەن کە هاوکاری تورکیا بۆ گروپی داعش پێشان دەدەن.

چاودێران پێیانوایە کە بەڵگەی هاوکاری نێوان ئەردۆگان و داعش بەشێوەیەکی پێویست بەرهەڤکراون و لەبەردەست دان، سەرەنجامدا ئەردۆگان لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و بۆ بەردەم دادگەیەکی نێودەوڵەتی پەلکێش دەکرێ. لەم پێوەندەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا ئەردۆگان توانای ئەوەی هەیە ئەو تۆمەتانە رەت بکاتەوەو خۆی لە داوای دادگەی ئەوروپا و دادگەی نێودەوڵەتی دەرباز بکات؟؟

ئەگەر ساڵی ٢٠١٤ ساڵی کۆکردنەوەی بەڵگەکان بووبێ، ئیدی ساڵی ٢٠١٥ ساڵی لێپرسینەوەو راپێچکردن و دادگەییکردنی ئەردۆگان دەبێ.